

*INTERNATIONALE SOCIALISTEN*



## هاوینه کەمپینی مارکسیزم


ئاسۆ شابان
٨ / ٨ / ٢٠٠٥
a_shaban1@hotmail.com


ڕۆژانی ( ٥ تا ٧ ) ئەم مانگە ، ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەندا ، وەک هەمیشە چالاکی ساڵانەی خۆیان ، (( هاوینه کەمپینی مارکسیزمی )) ئەم ساڵیان لە ( Hollandse Boederij ) لە ( Bodegraven ) بەڕێخست .

بە بەشدار بوونی هەندێک لە لایەنە سۆسیالیستو چەپەکانی تری هۆڵەندا ، کەمپینی مارکسیزمی ئەمساڵیان کردە گوڕێکی تری بەهێزی پتەو لە پێناو هاوخەباتی کاری سۆسیالیستانەو یەکانگیرکردنەوە-ی هێڵی گشتی (( کاری هاوبەش )) ، پێداگرتن لەسەر بەردەوام بوونی کۆڕو کۆمەڵ و سیمینارو خۆپیشاندانی بەردەوام و یەکخستنی سەرجەم نارەزایەتیەکان بە بەردەوامی و یەکانگیرکردنی خاڵی بنەڕەت لە پێناو پرنسیپێکی پتەو بۆ هێنانە مەیدانی لایەنە سۆسیالیست و چەپەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی هۆڵەندا و ڕۆشنایی خستنە سەر گەشەی بەرچاوی بزووتنەوە سۆسیالیستیەکانی ئەوروپا بە گشتی و هۆڵەندا بە تایبەتی ، قسەو باسێک لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی فراکسیۆنی چەپی نێو پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هۆڵەندادا و کارو پەیامی ئەوان بۆ ئایندەی ئەوروپا و هۆڵەندا و پەیامی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێرانەی ( ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست ) یش لە بەرامبەر ئەواندا .

**مشتێک لە خەرمانی ئەم کەمپینە :**

-* بزووتنەوەیەکی جیاوازی گلۆباڵیزم پاش سکۆتلەندا .
-* ریفۆرم یان شۆڕش ؟ .
-* ڕاسیزم : لە کۆیلایەتیەوە تا ( ١١ ) سێپتێمبەر .

-* بۆچی تیۆری کاریگەری خۆی هەیە ؟ .

-* ئازادی ئافرەتان : فیمینیزم یان سۆسیالیزم ؟ .

-* ناکۆکیە ڕووکەشەکان لە دەسەڵاتی ئەمەریکادا .

-* سۆسیالیستەکان لە خۆئامادەکردنی خۆڕێکخستن و شوێنەکانی کاردا .

-* ئەمەریکای لاتین و ڕاپەرین و خەباتی بەردەوام .

-* پەروەردەو ، بەدیهێنانی شێوەیەکی نوێی دەزگاکانی پەروەردە .

-* ووتو وێژی ئەم هاوینە کەمپینە : هونەر دەبێت ، هونەرێکی ڕامیاری بێت ؟ .

* * * * * * * * * * * * * * * * :

⁕ ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەندا ، وەک هەر یەک لە ئینتەرناسیۆنالە سۆسیالیستەکانی تری جیهان ( هاوینە کەمپینی مارکسیزمی ) ساڵانەی خۆی دەکات ، ئەم ساڵ لە بەریتانیا ئەم هاوینە کەمپینە نەکرا ، هەڵوێست وەرگرتنێک بوو دژی ئەو کارەساتە تیرۆریانەی دژی خەڵکی ئاسایی بەریتانیا کرا ، تیرۆر لەژێر هەرناوو هەر هۆیەکدا بێت و هەر کەسێک لێی بەرپرسیار بێت ، بۆ ئێمە جێگەی کارێکی قێزەونی تا ڕۆخ جەنگەڵیانەیە و تەواو خەباتی خۆمانی لەبەرامبەردا کۆک دەکەین ، گرنگ نیە تیرۆریستان خەڵکی کوێن و بە چ زمانێک دەدوێن و چ جۆرە پۆشاکێک لەبەر دەکەن و چ هۆکارێک بۆ ئەم کارە دزێوەیان دەهێننەوە ، هێندە هەیە ، تیرۆر بە هەموو ماناکانیەوە بریتیە لە سیاسەتی تۆقاندن و خۆسەپاندنێکی تەواوی گەمژانەی دوور لە بەها مرۆییەکان و خەفە کردنی دەنگی نارەزایەتیەکانی خەڵک ، بە دڵنیاییەوە سۆسیالیستەکان هەمیشە هەڵگری ئەلتەرناتیڤێکن لەبەرامبەر ئەم جۆرە سیاسەتە بەربەریەی سەرمایەداری جیهانی و لایەنە توند ڕەوە ( مەزهەبی و نەتەوەیی ) ەکاندا ، لە پێناو بەدیهێنان و سەپاندنی دەسەڵاتدا ، جا گرنگ نیە ئەم کارە تاکەکان یان گرووپەکان یان دەسەڵاتدارەکان لێی بەر پرسیار بن ، دەقی بەیاننامەی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە ( کرێکاری سۆسیالیست ) دا لە بارەی کارەساتەکانی لەندەنەوە ، کە لە لایەن ( سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسستی ) ەوە بڵاو کراوەتەوەو بەم ئەدرێسە دەتوانی کەڵکی لێ وەرگریت :

http://www.bopeshawa.com/pdf/beyannameikrekaranisosyalist.pdf